**بة ثقلة**

# كوردوئيسرائيل

هەر قالەی سەرکردەو خزمی خۆم (کاتی خۆی) چاکی وتوە (هەتا هەتا هەتایە٠٠٠ کوردو عەرەب هەرایە)، چونکە لەوە ئەچێ (١٤٠٠) ساڵ زیاتر بێت کورد (هەر لە عێراق)دا بە تەنها ئەقیڕێنێت (بژی برایەتی کوردو عەرەب٠٠!)، جا بۆیە ئەڵێم (هەر لە عێراق)دا، چونکە لەو وڵاتە دەرو دراوسێیانەی کە کوردی تیادا ئەژی تا ئێستا بە ئاشکرا دان بەوەدا نەنراوە کە میللەتێک هەیە لەناویانا ئەژیو لە خۆیشیان زۆرترەو ناوی میللەتی کوردە، هەتا لە وڵاتێکی وەک (سوریا)دا، دیسان دروشمی برایەتی کوردو عەرەبی تیادا بەرز بکرێتەوە، یان لە ئێران وتورکیادا خوانەخواستە کەس بوێرێ بڵێ: بژی برایەتی کوردو فارس یان کوردو تورک٠

هەروەها بۆیە وتم قالە (کاتی خۆی) چاکی وتوە، چونکە هەموو شتێک ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەوترێو نەکرێ ئیتر پڕ لە ژورێکەو بایی پولێکە، چونکە ئەو دەمەی قالە ئەوەی تیا وتوە بوە بە نەخشی بەردو لەوە ئەچێ فەیلەسوفێکی وەک قالە نەبێ هیچ سیاسەتمەدارێکی تری کورد عەقڵی بەم ڕۆژەی ئەمڕۆ نەشکاوە کە ئێستا باسی لێوە ئەکەین٠

ئەمڕۆ ئەگەر دوژمنانی کورد بوێرنو بە دەستی خۆیان بێت، لەناوەوەی عێراقو دەوروبەریشی، لە هەر چوار لاوە پەلاماری خۆمانو کوردوستان ئەدەنو ئەنفالو کیمیا بارانەکەمان لەچاویا لێئەکەن بە شاییو لوغان٠

کورد هێشتا نەیوتوە ئۆخەی، ناحەزانی ئەیانەوێ چاڵێکی وای بۆ هەڵبکەنن نیشتمانەکەی پێش خۆی تیا نگرۆ بکات، هەر بۆ نمونە لەم ڕۆژانەدا زۆر لە کەناڵە عەرەبیەکانی ئاسمانی ئەو دهۆڵە ئەکوتن گوایە نزیکەی (١٠٠) پێشمەرگە لەلایەن پسپۆڕانی ئیسرائیلیەوە مەشقو ڕاهێنانیان پێکراوە٠ بۆ ئەمەیان کەناڵی (الجزیره) ئەمە وەک تانەو تەشەرێک ئەگرێتە کوردو کوردیش پێی تەریق ئەبێتەوەو خۆی بە ڕووزەرد ئەزانێت و لە هەولێرەوە بە ناوی خۆی و ئیسرائیلیشەوە ئەو هەواڵە بەدرۆ ئەخاتەوە!!!!!

جارێ سەبارەت بەخۆمان ئەگەر ئاوڕێک لە شۆڕشەکانمان بدەینەوە، ئەبینین لە هەمویاندا کورد پشتی بە (سوپای سوری سۆڤیەتو هاو سەنگەرەکانی) بەستوەو ئەوانیش لە نیوەی ڕێگادا شیربایی خۆیانیان وەرگرتوەو هەمومانیان وەکو یەک بەشوو داوە٠ ئەم تاکتیکە بێئەدەبیانە بەرامبەر بە کورد هەر بەردەوام بووە، هەتا ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی١٩٩١، بەڵام دوای ئەوەو هەتا ئێستا کورد بێخەم ترە، چونکە ئەمجارەیان پشتی بە ئینگلیزو ئەمەریکا بەستوە بیپارێزێت٠

لێرەدا ئەگەر نوقتە سەریدێڕێکی لێبکەینو بگەڕێنەوە لای ئیسرائیل، ئەبێ بڵێین لەوە ئەچێ کورد ئەوەندە ئازا نەبێ پێ بە جەرگی خۆیا بنێت و بەو جۆرە عەرەبانە بڵێ ئێوە خۆتان ماڵتان لە شوشەیەو کەچی بەردیش ئەگرنە ماڵی خەڵکی٠٠٠ بەڵێ جارێ ناوێرێ پێیان بڵێ لەزوربەی وڵاتانی ئێوەدا، سەفارەتی ئیسرائیل هەیەو ئاڵاکەیان لەخاکی ئێوەدا لەئاڵاکەی خۆتان جوانتر ئەشەکێتەوە٠٠٠ ناتوانێ پێیان بڵێ ئێوە خۆتان سەربەسەرو ژێر بەژێر هەمیشە گفتوگۆو نزیک بوونەوەتان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، ئیتر بۆچی بۆ ئێمە ئەبێ حەرامبێت و بۆ خۆیشتان حەڵاڵ؟؟ ئایا ئەمەش وەکو گۆشتو مریشکەکە، ڕووەو قیبلە بسمیل ئەکەنو بۆ خۆتان حەڵاڵی ئەکەن؟؟

کەواتە لەمەودوا کورد ئەبێ ئەوەندە ئازا بێت، ئەگەر ئیسرائیل دەستی یارمەتی بۆ درێژ کرد، ئەبێ کورد ئەوەندە بوێربێت بە دەنگی بەرزو بەئاشکرا، نەک بە نهێنی و بە دزیەوە، بە گەرمی سوپاسو پێزانینی خۆی پێ ڕابگەیەنێتو ئەگەر نا، ئەبێ ئەو حەقە بدەین بە ئیسرائیل ئەگەر بەبەر چاویەوە ئەمجارەش کورد ئاو بردیەوە، کەس لۆمەی نەکات، ئەگەر دەستی نەدایە دەستی٠

**قالە**